## كۆڕی بەڕێز / وەزیری ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدان : نەسرین مستەفا سەدیق
## ( چۆن دەتوانین پلانێك دابرێژین بۆئاییندەیەكی باشتر )
## ژیانێكی باشتر بۆ هەمووان
## ئەو ڕێبازەی دەبێ لە پرۆسەی نەخشە داناندا پەسندی بكەین چییە ؟



هەژاری بەهەموو سێوەكانییەوە گرنگترین بە گژداچوونە كە ڕوو بەڕووی كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەبێتەوە بەتایبەتی 8 ر 2 ملیار مرۆڤەی كە ڕۆژانە بە (2 ) دۆلار كەمتر دەژین لەهەرێمی كوردستانی عێراقدا ، خەڵكانێكی واهەن كە ڕۆژانە بەكەمتر لە (2) دۆلار دەژین ، بەڵام ئەوان دەژین و بەتەواوەتی پشت بەبەشی ئازووقەی بێ پارە دەبن كە لە ڕێگەی بەرنامەی ( 986 ) وە بەسەریان دابەشدەكرێ ئەبێ ئەركی ئێمە بكەوێتە سەر هەژارترین و لاوازترین لەكۆمەڵگەدا دانانی ئامانجەكان بۆ كەمكردنەوەی ئاستی هەژاری بەشێكی بنەرەتییە بۆپێكهێنانی ژیانێكی باشتر بۆ هەمووان ، ئامانجی زۆر بۆ نەهێشتنی هەژاری داندراون كە پشت بە ئەو ئامانجە جیهانیانە دەبەستن كە لەلایەن كۆنگرەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان لە نەتەوەكانەوە داندراون . ئەم ئامانجانە لەسەر بنچینەیەكی سنوورداری بە ژمارە ، لە پێناو ئاسانیی پرۆسەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕاندنی داندراون .

ئەو ئامانجانەی كە كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی خستوونییە بەردەمی خۆی بۆ نەهێشتنی هەژاری :

-هێنانە خوارەوەی ژمارەی ئەو كەسانەی لە هەژارییەكی سەختدا دەژین لە ئەنجامی دابەزینی دەرامەت و ڕۆژانە بە دۆلارێك كەمتر دەژین ، بە ڕێژەی نیوە .

-دەستەبەركردنی فێركردنی سەرانسەری سەرەتایی .

نەهێشتنی جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز لەفێركردنی سەرەتایی و دواناوەندی و بەهاتنی ساڵی 2005 .

-دابەزاندنی تێكرای مردنی شیرە خۆرە و منداڵ بەڕێژەی دوو لەسەر سێ

- دەستەبەركردنی دەسكەوتنی خزمەتگوزاری تەندروستی مندالبوون بۆ هەمووان .

- جێبەجێكردنی ستراتیجییەتی نیشتمانی بۆ بەدیهێنانی ئەو گەشەپێدانەی قابیلی بەردەوام بوونە لەهەموو وڵاتێكدا بە هاتنی ساڵی 2005 ، ئەویش بەئامانجی پێچەوانەی ڕەوتی داهاتە ژینگەییەكان بەهاتنی ساڵی 2015 .

بەڵام مرۆڤ تەنیا ژمارەنین وە بەختەوەری تەنیا پشت بە ئامار نابەستێ ، بەڵام دانانی ئەم ئامانجانە گرنگن بۆ چاپككردنی ئاستی بژێوی مرۆڤ . ئامانجەكان ناسەپێنرێن بەڵام بڵاودەكرێنەوە . هەر وڵاتێك پێویستە ئامانجە تایبەتەكانی ڕێبازی تایبەتی خۆی بەگەشەپێدان و ، سەپاندنی پابەندبوونی لەڕێگەی گفتوگۆدا لەگەڵ هاووڵاتییانی دیاری بكات . دوای ئەوە پشتیوانیكردنی كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی زۆر گرنگە ، هەروەها یارمەتییەكانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەكان .

**گەشەپێدان لە ڕێگەی دیدی مافی مرۆڤەوە**

بەکورتی دیدی مرۆڤ بۆ پرۆسەی گەشەکاری پێویستە ئەوانەی خوارەوە بەخۆبگرێ .

1. دانانی خزمەتکردنی مرۆڤ وەك ئامانجێکی لە پێشەوەو ، دنەدانی بەشداریی جەماوەری و ، بەهێزکردنی تواناکانی هاووڵاتییان .
2. ڕێزلێنانی شەرەفمەندیی هەر مرۆڤێك بێ هیچ جیاوازییەك و یەکسانی نێوان ژن و پیاو .
3. دنەدانی دەرفەتی هاوتاو ، پێدانی هەڵبژاردن بە هەمووان .
4. دامەزراندنی سیستەمێکی خۆماڵی و نێو دەوڵتی بۆ هێنانەدیی عەداڵەتێکی ئابووری .
5. دەسکەوتنی سانای زانیاری لەبارەی داهاتەگشتییەکان .
6. دنەدانی ڕێز لێنانی یەکتری لەنێوان هاووڵاتییاندا لەسەر بنچینەی ئاشتی و ، دادوەری و ، لەناوبردن و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ، گەشەپێدانی بەردەوامی مرۆیی .

ڕێگە بەرەو گەشەپێدان

ناکرێ گەشەپێدان بێ گەشەپێدانی مۆڵگەکانی دانیشتووان پێکبێ ، بێ زاڵبوون بەسەر شارەدابەشکراوەکان ، بێ جێبەجێکردنی ئاسوودەیی ، بێ کارگێرییەکی باش و ، بێ شوێنی حەوانەوە بۆ هەمووان . هاوکاری و بەشداری وا لەهەر کۆمەڵگەیەك یا هەر حکومەتێك بە هێزترو کاریگەرتر دەکەن .

هەندێك شێوەی ئەم هارمۆنییەتە :

-هاوکاریکردن لە حاڵەتە ناوەختەکاندا : زۆر بوونی حاڵەتەکانی ناوەخت هەستکردن بە بەرپرسیی هاوبەشی گەرەکە ، هەر لە قۆناغی سەرەتایی هۆشدار و ، هەنگاوی خۆپارێزی ، راسپێرییەکان و ، مامەڵە کردن لەگەڵ حاڵەتە ناوەختەکاندا .

- بەگژداچوونە شارستانییە ژینگەییەکان . پێویستیان بەچارەسەری هاوبەش هەیە وەك : بەکار هێنانی سەرچاوەکانی ئاو ، دەربازبوون لە خاپەڕۆك ، پیسبوونی هەوای شارەکان ، کەمکردنەوی ئەو غازانەی کار دەکەنە سەر چینی ئۆزۆن ، پشتبەستن بە شێوازی وزەی نامەڵبەندی و ئاڵۆز و تایبەت لەناوچە لاوێیەکاندا .

- کارگێری ناوخۆ ، بوونی کارگێرییەکی ناوخۆی باش و جێبەجێکردنی پێویستییە بنچینەییە مرۆییەکان دوو بابەتی بەیەکەوە بەستراون .

دەکرێ لیستەکە فراوانتربکرێ بۆئەوەی : بەشداریکردنی جەماوەری لەپاراستن وە ئاگالێبوونی موڵك و ماڵی گشتی بگرێتەوە وەك قوتابخانە و نەخۆشخانەو دامودەزگای گشتی و هۆکارەکانی گواستنەوە و باخچەی گشتی و غەیری تریان ...

لەبەر ئەوە ، واباشە کە نەخشەکێشان بەشێوەیەکی گشتی و چوونە ناویەك بکرێ ، وەك " کارگێری سەرچاوەکانی ئاو " " پاراستنی ژینگە " گەشەپیچدانی شاروگوندەکان . هەموو ئەم بەگژداهاتانە لەئەستۆی حکومەت و هاوبەشەکانی دان ( هاووڵاتیین ، کەرتی تایبەت ، ڕێکخراوەخێرخوازەکان )

هەر پلانێکی نوێ دەبێ چ بەخۆ بکرێ ؟

بیرۆکەی نەخشەکاری : نەخشەدانان وەك زانین ، ئەرکەکانی پلانەکە

-پێشــەوە چــوونی کۆمەڵایــەتی : گۆرانکارییــە دانیشــتووەکان ، بەگژداهاتنــەکانی نیشــتەجێکردن ، ژێرخانەکان .

گەشەپێدانی ئابووری : تیۆرەکانی گەشەپێدان ، پێوەرەکانی گەشەپێدان .

ژینگەو ئاوو هەوا : ژینگە و گەشەپێدان ، زەوی و زار و ، چارەسەری خاپەرۆکەکان .

رێکخستن و کارگێری : چوار چێوەی کاری دامودەزگاکان ، هاوکارایی گەشەکاری

چارەو پوولپێدان و بودجە : توانستی دارایی و ، بودجەی بەرنامەکانی گەشەپێدان .

پێوەرەکانی گەشەپێدان و هەژاری

دەرامەتی تاکەکەسێك – بەرهەمی تێکرایی – ژمارەی دانیشتووان – پەیکەری بەرهەم – تێکراکانی گەشەبوون ، رەوشی تەندروستی – رەوشی فێرکاری .

رەگەزەکانی گەشەپێدان

دەرامەتــە سروشــتییەکان – ســەرمایە- کارمەنــدکاری مرۆیــی – وەزیفــەو دابەشــکردنی دەرامــەت – بەرەوپێشڤچوونی تەکنۆلۆجی – قەبارە – رێکخستن

ستراتیجییەت بۆ هێنانەدیی گەشەپێدان

رێبازی گەشەپێدان لەماوەی پەنجاساڵی رابـردوودا کـە بـەدەنگ تێگەیشتنی قـووڵی رادەی ئـاڵۆزبوونی ئیکئالانی پرۆسەی گەشەپێدانەوە هاتووە ، بەرەو پێش چووە ، لەپەنجاکان و شەستەکاندا ، زۆر کـەس بینیویانە کە وەسوودهێنانی پارەیەکی زۆر لە دروستکردنی سەرمایەی مـاددی و ئـەو دروسـتکراوانەی سـەربە بونیـاتی بنچـینە بـین ، هۆکـاری سـەرەکی وەدیهێنـانی گەشـەپێدانن وە لەحەفتاکانـدا ، درك بەوەکرا کە سەرمایەی ماددی بەس نییە ، و فێربوون و چاودێری تەندروستی هەرنەبێ هەمان توانای گرنگیان هەیە و ، راپۆرتێك لەبارەی گەشەپێدان لەجیهاندا ساڵی 1980 ئەم تێگەیشتنەی روونکردەوە و دەمەڤاڵییەکەی لەسەر ئەوەکرد کە چاکسازی لە فێربوون و چاودێری سروشـتیدا گرنگـە نـەك هـەر لەخودی خۆیدا وچیتر ، بەڵکو بۆ هاندانی گەشەکردنی دەرامەتی هەژارانیش .

هەشـتاکان گۆرانکارییـەکی تـری بـەخۆگرت لـە تـەوەری چەقبەسـتن لـەدوای قـەیرانی قـەردو قوڵـەو پووکانەوەی ئابووری جیهانیو ئەزموونە هودژەکانی ناوچەکانی رۆژ هەڵاتی ئاسیاو ئەمریکای لاتینی و ، باشووری ئاسیاو ، ئەفریقیای باشووری بیابـان و ، تـەوەری چەقبەسـتنەکە گوێزرایـەوە کـە بکەوێتـە سەر چاککردنی کارگێری ئابووریو رێگەدان بە هێزەکانی بازار کە رۆڵێکی گەورەتر ببینن .

لەنەوەتەکاندا چەمکی چاککردنی سیستەمی کارگێری و دامو دەزگاکا ن شوێنی پێشەوەیان داگیر کـرد وەك ئەوەی سەبارەت بە مەسەلەکانی رووبەروو بوونەوەی موعانات لەسەر ئاستی ناوخۆو نیشتمانیداو ، راپۆرتەکە ئیزافەیەکە بۆ سیتراتیجییەکانی پێشوو ، لەبەر رووناکی بەڵگە و ئەزموون و شارەزاییەکە ڵەکـە بووەکـانی دەسـاڵی پێشـوو وە لەبـەر روونـاکی گـۆرانی چـوار چـێوەی جیهـانی و ، راپۆرتـە کـە پێشنیارەی ببێتـەوە : بـەهێزکردنی دەرفـەت رەخسـاندن ( رەخسـاندنی وەزیفـە و متمانـە پێکـردن و خزمەتگوزاری و بازار ) و رێگە ئاسانکردنی بۆ خەڵك کەبتوانن ( وەتەنگ پێویستییەکانی خەڵك و کار لێکــی نیچــوان پرۆســە سیاســیو کۆمەڵایــەتی و دەزگاییەکانــەوەبێن ) وەچــاککردنی ئاســایش ( کەمکردنەوەی پلەی تووشبوونی ئاسانی ئابووری و کارەساتی سروشتی ورەخساندنی ئاسوودەیی ) .

**کارکردن پێکەوە بۆ قەڵاچۆکردنی ئابووری بێ هێزو هەژاری ئەوەی کەویستم لەم ئێوارە کۆڕەدا بیخەمە روو ، ئەوەیە کە هەژاری لەتەنیا کیفایەتی دەرامەت یاخود گەشەپێدانی مرۆیی زیاترە ، بەڵکو هەروەها تووشبوونی موعانات و پێویستبوون بە توانای دەربڕینی راو هێزو نواندنە ، ئەم چەمکە فرە رەهەندەی هەژاری بەرادەیەکی زیتر لە ئاڵۆزبوونی ستراتیجیاتی کە مکردنەوەی ژمارەی هەژار ، بەستراوەتەوە ، چونکە ، پێویستە فاکتەری زیاتر رەچاوبکرێن – وەك رەوشی سیاسی ئابووری ، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری .**

**رێگەی چارەسەرکردنی ئەم ئاڵۆزی و تێکئالانە ، لەرێگەی پەیداکردنی هۆیەکانی هێزو رەخساندنی بەشداریکردنی – ناوخۆیی و نیشتمانی و نێو دەوڵەتییەوە دەبێ وە پێویستە حکومەتە نیشتمانییەمان بەشێوەیەکی تەواو بەرامبەر هاووڵاتیانیان لە رەوتی ئەو گەشەپێدانە پەیرەوی دەکەن بەرپرس بن وە دەکرێ میکانیزمە هاوبەشەکان دەرفەتی را دەربڕین بۆ ژن و پیاو برەخسێنن ، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە کەرتە هەژار بن دەستەکانی کۆمەڵگەو ، پێویستە نەخشە سازی دەستەو خزمەتگوزارییە نا ناوەندییەکان ، رەوشەکانی ناوخۆو ، هەیکەلەکانی کۆمەڵایەتی و نەریت و پێوەری رۆشنبیری و کلتووری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری پێچەوانە بکەنەوەو ، پێویستە لەسەر دەزگاکانی نێودەوڵەتی گوێ لە بەرژەوەندییەکانی هەژاران بگرن و هەوڵی پتەو کردنیان بدەن . هەژاری رەگەزی سەرەکی کاریگەرە لەخەبات دژی هەژاری و ، دەبێ رۆڵی سەرەکییان لە دارشتنی ستراتجییەتی قەڵا چۆکردنی هەژاری و پیادەکردنی و چاودێریکردنی هەبێ . وڵاتە هەژارو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رۆڵێکی گرنگیان لەم پرۆسەیەدا هەیە کەپێهەڵدەستن . ئەگەر وڵاتیکی گەشەسەندو بەرنامەیەکی توندوتۆڵ و کاریگەرو نیشتمانیی نەشونمای هەبێ بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی هەژاران ، دەبێ یارمەتییەکی بەهێزی بدرێ – بۆ رەخساندنی چاودێری تەندروستی بۆ گەلەکەی و نەهێشتنی نەداری و تووشبوونی موعانات ، لەهەمان کاتدا پێویستە هێزە جیهانییەکان بۆ بەرژەوەندیی هەژارو وڵاتانی هەژار ئامادەو گردبکرێنەوە ، بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشکەوتنی زانستیو پزیشکی دووانەکەون و ، پێویستە چەسپاندنی سەقامگیری دارایی و ژینگەیی جیهانی وە کەمکردنەوەی لەمپەرەکانی بازارەکانی لەپێش بەرهەم و خزمەتگوزاری وڵاتە هەژارەکان – بەشێکی جەوهەری بێ لەم ستراتجییەتە . دەمانەوێچ شێوەی کۆمەڵگەی کوردستانیمان چۆن بێ ؟ جیهانێکی جیاواز ؟ یان جیهانێکی سۆشیالیستی ؟ جیهانێك دووچاری هەژاری بووە ؟ یان جیهانێکە لە هەژاری دەربازبووە ؟ وەرگرتنی ریکاری درێژ خایەن بۆ پتر کردنی دەرفەتی رەخساوو هۆیەکانی هێز پەیدا کردن و رەخساندنی ئاسایش رەنگە فاکتەری دینامیکی نوێ کە هۆی گۆرانکارییە بخولقێنێ . کەوا دەکەن دەکرێ چارەسەری بێ بەشبوونی مرۆیی و دروستکردنی کۆمەڵگەی دادوەری کەبتوانن پێشبرکێ و بەرهەمهێنانی بکەن وە ئەگەر هەموو رەنگەزەکانی کۆمەڵگە لەگەلج یەکتردا هاوکاری بکەن و پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵتی بکرێن – کۆکردنەوەی نێوان ئەم لایەنانە و ونێوان داهاتە راستەقینەکانی دارایی و ئەوەی لەکەسان و دەزگاکان بەرجەستەبوون - واتە شارەزایی و فەرهەنگ و خەیاڵ – ئەوا ساڵەکانی ئاییندە ، پێشکەوتنێکی خێرا لەوخەباتەی کە بۆ دانانی سنوورێك بۆ هەژاری و پێشکەشکردنی ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان و کوردستانی عێراق ، بەخۆ دەبینێ .**

بەروار :   7 / 5 / 2002